بسم الله الرحمن الرحيم

[ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ]

## تێڕوانینمان بۆدەستوورەکەی هەرێمی کوردستان:

بێگومان دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خەڵکێکی موسوڵمان و خواناسن، بەبەڵگەی بوونی ئەو هەموو مزگەوت و نوێژ بە کۆمەڵ و ئامادەبوون بۆ وتارو نوێژی هەینی و، ئاهەنگێڕانەیان لەبۆنە ئیسلامیەکانداو، گێڕانەوەی هەر ناکۆکیی و کێشەیەکیان بۆلای لیژنە شەرعیەکانی مزگەوت و مامۆستاکانی مزگەوت و، جێبەجێکردنی شیعارو دروشمی (الله أكبر) لە منارە بڵند وبەرزەکانی مزگەوتەوە، بەڵام بەداخەوە لەنووسینەوەی دەستور بۆهەرێمی کوردستان، بەهیچ شێوەیەک شعوور و هەستی ئەوجەماوەرە موسوڵمانە خواناسە ڕەچاو نەکراوە ، وا داڕێژراوە کە لەکوردستاندا تاکە موسوڵمانێکی تێدانیە !، وە ئەو هەموو مەلاو مزگەوت و تەکیەو خانەقاو شێخ و موریدە پشتگوێ خراوە، ئەو هەموو جومعەو جەماعەتە حسابێکی بۆنەکراوە ! وا نووسراوە بەهیچ شێوەیەک گوێ بەو نەتەوە موسڵمانە نەدراوە ، بۆیە ئێمە وەک بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەمە بەکارێکی ستەم و ناحەق دادەنێین و بەپێشێلکاری دین و مەزهەبی گەلەکەمانی دەزانین ، هیواداریین بە زوویی چاوی پیا بگێڕنەوە و کاڵای ئیسلامەتی وەبەرکەن ، چونکە دڵنیاین کە هەرگیز گەلی کورد ڕازی نابێ لەجیهانی ئیسلام دابڕێت وجلکی عەلمانیەتی لەبەر بکرێ ، بۆئەوەش دەتوانن ڕیفراندۆم بکرێت و ڕاو بۆچوونی خەڵکی کوردستان وەر بگیردرێت، ئەگەرچی کاری واش لەتەرازوی ئیسلامدا ڕەواو حەق نیە.

### تێبینیەکانمان:

1-لەسەرەتایەوە بۆ کۆتایی (ناو)ێکی خودای تێدا نیە !

2-بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بەدینی شەرعیی و ڕەسمی نەتەوەی کورد نەکراوە !

3- ماددەی سێیەم دەڵێ: گەل چاوگەی دەسەڵاتەکان و بنچینەی شەرعیەتەکانێتی .

ئەم ماددەیە -بەتێگەشتنی ئێمە- بێ شک پێچەوانەی ئیسلامی پیرۆزە ، چونکە لەئیسلامدا (چاوگ) بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و بناغە شەرعیەکان، تەنها (قورئان)و(سونەت)ی پێغەمبەرە صلی‌الله علیه وسلم ، واتە: دەبێ هەموو دەستورو یاساو ڕێسایەک لەو دوانەو هەڵگۆزرێن، یان پێچەوانەی ئەوان نەبن، (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)65/4 دیارە هەر حوکم و بڕیارێکی ئاوا بەحوکمی جاهیلیەت دادەنرێت: (...أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون)50/5 خۆ ئەگەر (گەل) چاوگ بێت وەک دەستوورەکە دەڵێت، واتە: لەجێی قورئان و سونەتدا بێت ، ئەوا هەردووکیان – قورئان و سونەت – وەلاخراون و (گەل) هێنراوەتە جێگایانەوە ، کەئەوەش قابیلی هەموولادان و کلابونێکە لەحەق و ڕاستیەکان.

4-ماددەی نۆیەم: لقی (2) دەڵێ : ئافرەت یەکسانی تەواوی لەگەڵ پیاودا هەیە .

ئەم ماددەیەش لادانێکی ئاشکرایە لەبەرنامەی پیرۆزی ئیسلام کەهەموو مافێکی شیاوی بەئافرەتانەوە دیاریکردووەو لای دنیای ئیسلامەتی چەسپێنراوەو قورئان و سونەتی پێغەمبەر

–صلیالله علیه وسلم– تەسدیقیان کردووە ، بۆنموونە: (ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف)، وەلە فەرموودەیشدا هاتووە: (إنما النساء شقائق الرجال)، بەلاّم هەندیٚ شت هەیە کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکی پیٚغەمبەر–صلی الله علیه وسلم– جیایان کردونەتەوە وەکو:

أ– **میرات** لە هەندیٚ جاردا ، بۆ نموونە: کچ وکوڕ، یان براو خوشک یەکیان گرت بە پیٚی یاسای (للذكر مثل حض الأنثيين) کاردەکریٚ ، حیکمەتی ئەمەیش لەجیٚی خۆیدا ڕۆشن کراوەتەوە ، کە ئیٚستا جیٚی دریٚژە پیٚدان نییە ئەگینا هەندیٚ جار ژن وپیاو وەک یەک میرات دەبەن بۆ نموونە: (ولأبويه لكل واحد منهما السدس) نساء 11.

ب– **شایەتی**: لەسورەتی (بەقەرە) دا هاتووە: (فإن لم يكونا رجلين فرجل وامرأتان ممن ترضون من الشهداء أن تضل إحداهما فتذكر احداهما الاخرى...)282/2. ئەمەیش تەنها لەمەسەلەی کڕین و فرۆشتندایە ، کە بە پیٚی ئەو قەدرو حورمەتەی ئیسلام بۆژنانی داناوە– ئەوەندە تیٚکەلاّوی ئەوجۆرە ئیشانە ناکەن ، چونکە نەفەقەو ژیانی لەسەرپیاوان مسۆگەر کردووە– ئەگەرکچ بیٚت، ئەگەر ژن– لەولایشەوە پەروەردەی نەوەی ئایندە بۆ ولاّت و نیشتمانمان دراوەتە دەستی ئەوان کەئەمڕۆ لە ئەنجامی لادان لەو پەروەردەی ئیسلامیی دنیا گیری خواردووە بەدەست گەندەلٚیەوە لە دام و دەزگاو بازاڕەکاندا ! سەرەڕای ئەمەش هەندیٚ شت هەیە تەنیا شایەتی ژنان دەخوات ، هەروەکو هەندیٚ شتیش هەیە تەنها شایەتی پیاوان دەخوات (دیسان کاتی دریٚژە پیدان نیە).

ئەمانە و کاروباری تری دەولەت، دەبیٚت هەمو لەسەر بنەماو بناغە شەرعیەکانی ئیسلام بیٚت، خۆدیارە ئەوەیش هیچی لەم دەستوورەدا ڕەچاو نەکراوە.. بۆیە ئیٚمە وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی دەستوری وامان لا قبولٚ نیە ، ئەمەش مانای وەلاخستنی مەسەلە گرنگەکەمان نیە واتە (مافی ڕەوای گەلەکەمان) چونکە ئەگەر حکومەتەکانی جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ هەریەکەیان ئاوا سەر بەولاّتیٚک بیٚت و ئیسلام پراکتیک نەکاو کوردیش دەستوورەکەی لەسەر بنەماکان ئیسلام بنوسیٚتەوە لەحالەتی ئاوادا جیابوونەوەو سەربەخۆی بۆنەتەوەی کورد بەواجبیٚکی شەرعی دەزانین.

**[ اللهم هل بلغت، اللهم هل بلغت، اللهم هل بلغت ]**

**مەکتەبی سیاسیی**

**بزووتنەوی ئیسلامیی لەکوردستان**

1426/10/24ك

2005/11/26ز